www.kurdistannet.org 21-2-2003

# ناڵەی غەوارە

## ئەحمەد دەشتی



ئای کەنەفتم لەم غوربەتە
ئای بێزام لەم نگبەتە
نە کەسێکم لێ دیارە
نە دۆندو لوتکەی ئەو وارە
نەکۆی یاران وەدی دەکەم
نە مومێکی ژین پێ دەکەم
نەگوفتاری دۆستانی زوو
نە کۆڕی شادی ئارەزوو
نە بەزم و خۆشی و سەیرانم
نە یارانی ئەو دەمانم
نە دەنگی ئاشنای کوردم
نە کۆڕی یارانی مەردم
نە سیمای واری شیرینم
نە هەتوانی دلی برینم
نەبەزمی دۆست و یارانم
نە بزەی لێوی هەڤالانم
نە هەلگوردو نە قەندیلم
نە لێم دیارە گرد مەندیلم
نە دەشتی جوانی هەولێرم
نە سیمای گوندو باژێرم
نە دەنگی پێشمەرگەی دێرین
نە پەروازی هەلۆی شیرین
نە ئاوازی کوردی زمان
نە بزەی لێووی خۆشەویستان
نە وێنەو نکتەبێی جاران
نە دەنگی بەستەوو حەیران
نە کۆڕی کەوشی دلداران
نە ئەشکەوت و بن زناران
نە دەبینم بلێم ئۆخەی
نەخەندەی جوانی ئەوشۆخەی
نە شەو شوێنی ژوانم هەن
نە ڕۆژ دەمێ بێ ژانم هەن
نەمن دوورم لە ناشادی
نە دەبینم ڕووی ئازادی
نە گریە وازم لێ دێنێ
نە ئۆقرەی دل دەمدوێنێ
نە ئاسۆی ڕوون لێم دیارە
نە ساتێکم بێ هاوارە
نەبێ حەسرەت دەمێکم هەن
نە بێ ئەسرین چاوێکم هەن
نە لێم دیارە ڕۆژی ڕوونم
نە دوور بەختی ڕەش و دوونم
نە لە غوربەت ئۆخەی دەکەم
نە دادڕەسی وەدی دەکەم
نە دلخۆشی نە سەر خۆشی
نە هیچ کاتێ شادیم نۆشی
نە گولزارێ دەبینم من
نە ڕووگەی خۆشەویستی من
نە ئێرە ئۆقرەم دەشکێنێ
نە شادی ژینم بۆ دینێ
نەتادوورم لەخاك و کەس
نەتا خاکم لە دەست ناکەس
نە تاتۆلەم من نەسێنم
نە شادی ژین وەدی دێنم
نە تا ئالای وەلاتم نێ
نە تا ڕۆژی سەربەخۆم نێ
نە ئەم دلەم قەت دەسرەوێ
نەشادی کورد دەردەکەوێ
نە کوردستان پێ دەگاتن
نە ژانی دل بار دەکاتن
نە تا وەلاتم ڕزگار نەبێ
نەکورد بڕینی هەتوان دەبێ
نەتا دوژمن لە خاکم بێ
نەکوردستانم شاد دەبێ
نەغوربەتم دەبڕێتەوە
نە ئاوازی ژین دێتەوە
بۆیە لە ڕێی کوردستانم
بە دل و گیان بە قوربانم